سەرۆکی حکومەتی هەرێمی پێشوازی لە یاریزانانی یانەی ئیتیحاد کرد

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەمیانی پێشوازیکردنی لە شاندی یانەی ئیتیحادی سعوودی، جەختی کردەوە وەرزش ڕێگەی گرنگ لە لێیەک نزیککردنەوە و بڕوودان بە تەبایی و ئاشتەوایی نێوان گەلان دەگێڕێت.

ڕۆژی یەکشەممە (5ـی تشرینی دووەمی 2023) مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە سەرۆک و ڕاهێنەر و یاریزانانی یانەی وەرزشی (الاتحاد)ـی سعوودی کرد.

لە دیدارەکەدا کە محەممەد بن سلەمان عەسیری، کونسوڵی گشتیی عەرەبستانی سعوودی لە هەولێر ئامادەی بوو، سەرۆکوەزیران مەسرور بارزانی وێڕای بەخێرهێنانی شاندی یانەی (الاتحاد)، ئاماژەی بە پێیامی گرنگی وەرزش کرد کە جیا لە بەخشینی چێژ و بەسەربردنی کاتێکی خۆش و سوودی تەندروستی، لە هەمان کاتدا دەکرێ وەرزش ڕێگەی گرنگیش لە لێیەک نزیککردنەوە و بڕوودان بە تەبایی و ئاشتەوایی نێوان گەلان بگێڕێت.

هاوکات سەرۆک و یاریزانانی یانەی (الاتحاد) خۆشحاڵی خۆیان بە هاتنیان بە کوردستان و پێشوازی گەرمیان لەلایەن خەڵکی هەولێرەوە دەربڕی.